سودانی ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر تەرخانکردنی پارچە زەوی بە کارمەندانی تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقی

ئەمڕۆ پێنجشەممە کەریم حەمادی، سەرۆکی تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقی ڕایگەیاند کە محەممەد شیاع سوودانی، سەرۆک وەزیران، ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر تەرخانکردنی پارچە زەوی بە کارمەندانی تۆڕەکە.

ڕەزامەندیی سەرۆک وەزیران دوای نووسراوێک هات کە لەلایەن سەرۆکی تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقییەوە پێشکەش کرابوو، کە تێیدا ڕۆڵی تۆڕەکە ڕوون کرابووەوە لە ڕێگەی ڕووماڵکردنی پرۆگرامی حکومەت و دەستکەوتەکانی، هەروەها گەیاندنی داواکارییەکانی هاوڵاتیان لە ڕێگەی پرۆگرامە جۆراوجۆرە بینراو و بیستراو و خوێنراوەکانەوە، جگە لە وەستاندنی بە یەک ئاراستە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق ..